www.kurdistannet.org
08/05/2002 19:23

# مەرگی فەیروز یان مەرگی پەپولەیەک؟

سیروان رەحیم

پاییزی ساڵی ١٩٩٦ لە شاری کۆلن (وەڵاتی ئاڵمان) بۆ یەکەمجار پیاوێکی دەم بەخەندەی باڵاکورتم ناسی. پیاوێک بوو بە باڵ کورت، بەڵام بە ئەڤین و بۆنی پڕ میهری مرۆڤانەی بەژن زراڤ و کەڵەگەت.

پیاوێک بوو کانیاو ئاسا، دەگوت کانیاوێکی زێدە شیرینەکەیەتی. کانیاوێک نەبوو شلوێ. کانیاوێک بوو دەکرا بە سانایی، زۆر بە سانایی کورایی دڵ و دەروونی ببینیت. نەدەکرا ئەو مرۆڤە بناسیت و نەبیت بە ئاشنای.جۆرێکی جیاواز لە ئاشنایەتی ئاسایی و باو.

فەیروزی فەروخ.. ئەو پیاوەی کە دەتبینی و گوێت بۆ ڕازەکانی شل دەکرد، ڕازگەلی مرواری ئاسای، ئیدی چاوەڕێت نەدەکرد دەستت بۆ درێژ بکات و ناوی خۆیت پێبێژێت. نا ئیتر چاوەڕێت نەدەکرد و لەو ساتەوە ئەو مرۆڤە دەبوو بە هاودەمی دڵ و دەروون. ئیتر لەو ساتەوە ئەو مرۆڤە دەبوو بە هاوڕازی ژیان و بوون.

نازانم کێ گوتویە:

سیاسیگەلی بە دەسەڵات لە دەمی فەرمانڕەوایی بە زەبرو زەنگیاندا پەیکەریان بۆ بەرزدەکرێتەوە، بەڵام لە مەرگیاندا پەت دەخرێتە ملی پەیکەرەکانیان و هەلا هەلا دەکرێن.

نازانم کێ بوو ئەم پەی پێبردنەی بەم شێوە ناوازە دەربڕی!

بەڵام ئەوە باش دەزانم کە ئیمڕۆ لەم گۆڕستانەدا ئاشناو ڕۆشنایانی فەیروز لە کاتێکدا جەستەی وی بە خاک دەسپێرن، هاوکاتیش پەیکەری هەمیشەیی لە دڵ و دەرووندا بۆ جێگیر دەکەن. ئەوە جەستەی بوونەوەرێکە ناوی فەیروزی فەروخە. ئەو مرۆڤەی گیانی پەپولەیەکی لە جەستەی مرۆڤێکدا حەشاردابوو. پەپولەیەک هەموو نازگیەکی پەپولەی بە جەستە و بوونی مروڤێک بەخشیبوو.

ئەوە فەیروزی فەرووخ بوو. لە شاری سونقوری کولیایی لە ڕۆژهەڵاتی زێدە لەتوپەتەکەیەوە ڕووی لە شاری کۆلن کردبوو. لە کۆلن دکتۆرای لە زەویناسیدا تەواو کرد و بە کۆڵێ هیوای نەگەییوو، بە خەرمانێک ئاهی سەردەوە، لە پەنجاوچوارهەمین ساڵی تەمەنیدا بێ بڕیارێکی پێشینەو بێ ژوانێکی دیاریکراو ڕوبەڕوی مەرگ بووەوە. ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/٢٥ لە کاتێکدا فەیروزی فەروخ لەتەک دۆستان و هۆگرانی خۆیدا سەرقاڵی سوارسوارێ دەبێت، ئەسپەکەی دەسڵەمێتەوە و زۆر بە هێز سوارەکەی فڕێ دەدات. سوار دوای چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانە دەبێت بە جەستەیەکی بێ گیان و بێ تەڤگەر، کە ئیدی هیچ هێزێک ناتوانێ بزاڤ بخاتەوە بەر جەستەی ئەو سوارە نەسرەوت و هەمیشە بزێوە..

قسە زۆرە لەسەر فەیروزی مرۆڤ بگوترێت، ئەو مرۆڤەی بێ ئەوەی خاوەنی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی بێت، بێ ئەوەی هیچ پارتێکی سیاسی لەپشتەوە بێت، لە مەرگیدا ئەو هەموو هاوەڵ و هۆگرە لە

www.kurdistannet.org
08/05/2002 19:23

جەنجاڵی ڕۆژگاری ماندووی ئەم وەڵاتەدا هاتوون و ئامادەن وماڵئاوایی لە پەپولەیەکی باڵنەخشین دەکەن.

قسە زۆرە دەربارەی ئەو پەپولەیە بکرێت کە شێوەی مرۆڤێکی لە خۆدا بەرجەستەکردبوو. داخێکی گەورە و کسپەیەکی گرانە مەرگی فەیروز. ئیتر کێ بە خەندە هەمیشە ئامادەکەی ڕیتمێکی سروشتیی ڕەنگین ببەخشێ بە دانیشتن و یەککگرتنی تاراوگەنشینان. ئیتر کێ بە دەفەکەی دەستی لە شەوانی ساردی غەریبیدا کڵپە لە ڕۆحی یاران هەڵبستێنێ.فەیروزی ئازیز، خۆت وەڵامان بدەوە کێ؟

دواجار کە من فەیروزم بینی، جارێکە کە هەرگیز لە بیرم ناچێ. ئێوارەیەک بوو لە ماڵە سپیەکەی بەڵێن و کەیوان. ئەو ئێوارەیە فەیروز بە خەندەی هەمیشە ڕەنگینی خۆی و بەدەفەکەی دەستی هەناوی هەمووومانی خستە سەما. ئێوارەیەک بوو کە دوا دیداری ئێمەمانانی لەگەڵ فەیروزی بوونەوەردا لە باوەش نابوو. ئەو ئێوارەیە ئێوارەی دوا دیدار بوو، بەڵام ئەوڕۆ لەم گۆڕستانەی باشوری شاری کۆڵن کە جەستەی فەیروز ئاوێتە بە خاک دەبێتەوە، ڕۆژێکە کە ئیتر ئێمە لە ژێر کەپری ژوانێکی هەمیشە بەردەوامدا دەبین لەگەڵ ڕۆحی فەیروزی زیندوودا.

قسە زۆرە لە مەرگی ئەم پەپولەیەدا بکرێت، بەڵام نوسین و ئاخافتن دەرهەق بە کەسانی پەپولە ئاسا ڕامان و هزراندنی زۆری دەوێ.

پەپولەیەک هەڵدەفڕێ و چاوم لێیە باوەشی بە تیرێژێکی زێڕیندا کردووە و پێی دەڵێ:

تەماشای جەستە بکە.. تەماشای دڵم بکە،

خۆشەویستیەکی گەورە، ئەوینێکی ئازمانی پێکامی..

خۆشەویستیەک، ئەوینێک، کە لەوێ شوێن پێیەکی دەسگیر نەبوو..

دەمەوێ بە باڵای تۆدا هەڵزنێم و لە تۆدا بتوێمەوە..